## زانكۆی سۆران دووەمین كۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ڕواندز

## لەژێر ناونیشانی (پێگەی ڕواندز لە ئەزموونی فەرمانڕەوایی مێژووییەوە بۆ سەرمایەگوزاری كەلتووری و ئابووری) بەڕێوە دەبات

## (٢٠-٢١ی تشرینی یەكەم ٢٠٢٦)

**كۆنفرانس بەپاڵپشتی دارایی كەسایەتیی ڕواندز بەڕێز (عیسا مەمەدەڕەش) بەڕێوە دەچێت**

ڕواندز پێگەیەكی گرنگی مێژوویی و كەلتووریی و ستراتیژیی جوگرافی هەیە و لە پێشەنگایەتیی فەرمانڕەوای میرنیشنی خۆماڵیدا كاریگەرییەكی بەبرشتی هەبووە. لە زۆر ڕەهەندەوە لەناو مێژووی كورددا ئامادەیی هەیە. هاوڕەوتی گۆڕانكارییەكان ڕواندز بەردەوام لەناو ململانێ و گۆڕانكارییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەكاندا وەك پێگەیەكی سیاسی و كەلتووری و كۆمەڵایەتی دەبینرێت. لەگەڵ هەبوونی ئەم ڕۆڵە گرنگ و بەرچاوەی كە لە نێو ڕووداوەكانی مێژوودا هەیبووە، كەچی هەتاكو ئێستا زۆر بابەت و لایەنی پەیوەست بەم شارە یەكلایی نەبوونەتەوە و بەشێك لە زانین و زانیاریی ڕووكەش و ساغ نەبووەوە لە بارەی ناسنامەی كەلتووریی ئەو شارە پێویستییان زیاتر بە لالێكردنەوە و ئەنجامدانی توێژینەوە هەیە. لەلایەكی دیكەشەوە بەهۆی ئەو تێدابوون و سروشتەی ڕواندز هەیەتی، بەرەو پێشەنگبوونی لایەنی گەشتیاری و ئابووری پێویستییان بە ئاوڕ لێدانەوە و ئەنجامدانی توێژینەوە هەیە. بە تێگەیشتنی ئێستای پەرەپێدان و برەودان بە كەرتی گەشتیاری و هەلی كار، ئەنجامدانی كۆنفرانسی فرەتەوەر بۆ شاری ڕواندز و دەوروبەری گرنگە. لە دیوە زانستییەكەیەوە ڕووماڵكردنی ورد و قووڵی چەندین لایەنی (مێژوویی، سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی، ئاینی، كەلتووری، بازرگانی، گەشتیاری، شوێنەواری و سامانی سروشتی)ەوە بۆ ناوچەكە بایەخی زانستی و ئابووری هەیە، لە باری كرداریشدا چاوەڕوان دەكرێت چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەك بەدوای خۆیدا بهێنێت، بۆ پرۆژە و كارنامەی خزمەتكردنی ئەو شارە لە ئێستا و داهاتوودا سوودی لێ ببینرێت.

**ئامانجی كۆنفرانس:**

- هەوڵی پڕكردنەوەی بۆشاییێكی پێویست لە بواری توێژینەوەی مێژوویی و سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و كەلتووری و گەشتیاریی ناوچەكە دەدات.

- ئەنجامدانی ئەو هەوڵە وەک ئەرکێکی هاندەری و ئەکادیمی خزمەتی خواست و پێویستییەکانی دیکەی ئەو دەڤەرە دەکات، لەلایەکی دیکەش سروشتی کاری زانستی وایە بیرۆکە و هەلی توێژینەوەی زیاتر و جۆراوجۆر بۆ پرۆژەی داهاتووی ناوچەکە و ناوچەکانی دیکەش بەدوای خۆیدا دەهێنێت.
- بەو هەوڵ و تێگەیشتنانەی بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجی کۆنفرانس پێشکەش دەکرێن، گرنگە ڕواندز لە پاشخانێکی حوکمڕانیی خۆماڵیی میرنشینییەوە وەک کۆیادەوەری ناو مێژوو بۆ هێزی کەلتووری و ئابووری بگۆڕێت.
- توێژیینەوەکان لەباری زانستییەوە وێڕای ئەوەی وەک سەرچاوەی ئەکادیمی سوودییان بۆ توێژەرانی دیکە و پرۆژەکانی دیکە دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەچوارچێوەی ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی کۆنفرانسیشەوە وەک کۆمەڵێک ڕای جۆراوجۆر و سەرنجی تایبەت، بۆ پرۆژە کردارییەکانی دەڤەری سۆران سوودیان دەبێت.
- ڕواندز وەک شارێکی دێرینی کوردستان بەهۆی ئەو تێزە گرنگانەی لە دیوە ماددی و واتاییەکانییەوە پێناسە دەکرێنەوە، وەک سەرمایەکی مرۆیی و گەشەپێدان لەبەرچاو بگیرێن و ببنە بەرکەوتەی بوژانەوەی سەردەم.

**تەوەرەکانی کۆنفرانس**

- مێژووی ڕواندز لە سەردەمە دێرینەکانەوە، تا هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و ئاینیی سەردەمی میرنشینی سۆران
- بارودۆخی گشتیی ڕواندز لە ململانێ ناوچەییەکانی دوای ڕووخانی میرنیشینی سۆران، تا دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق
- ناسنامەی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی ناوچەکە وەک (فۆلکلۆر، ئەدەب، زمان، هونەر، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، پێکەوەژیانی ئاینی، دابونەریت، تەلارسازی، جلوبەرگ، کاری دەستی و کاڵا)
- تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی ڕواندز وەک توانست و بنەمای گەشتوگوزار و بوژانەوەی ئابووری
- توێژینەوەی مەیدانیی دیاردە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە، لە ڕوانگەی (دەروونناسی و کۆمەڵناسی و هزرناسی و ئابووریناسی)ەوە

**مەرجەکانی نووسینی توێژینەوە و بەشداریکردن:**

- توێژنەوەکە لە چوارچێوەی تەوەرەکانی کۆنفرانسدا بێت.

- بۆ تەکنیکی نووسین و بەکارهێنانی سەرچاوەکان سیستەمی هارڤارد (ڕێبەری توێژینەوەی زانستی زانکۆی سۆران) لەبەرچاو بگیرێت.
- پێویستە هەر توێژینەوەیەک لە ڕووی قەبارەوە، لەنێوان (٨٠٠٠- ١٠٠٠٠) وشە تێپەڕ نەکات.
- لە ڕووی بەکارهێنانی فۆنتیشەوە، توێژینەوەی کوردی بە (یونیکورد) قەبارەی ١٤ بۆ ناوەرۆک ١٦ بۆ ناونیشانی سەرەکی بنووسرێن.
- جگە لە ناونیشانی بابەتەکە (ناو و ناونیشان و پلەی زانستی و ئیمەیل و تەلەفۆن) لە لاپەڕەی یەکەمی توێژینەوەکە بنووسرێت.

**زمانی پێشکەشکردنی توێژنەوەکان:** کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی

**تێبینی:** دوای پەسەندکردنی توێژنەوەکانی کۆنفرانس لە لایەن هەڵسەنگێنەرانی دەرەکی و لێژنەی زانستیی کۆنفرانسەوە، لە چوارچێوەی چاپێکی شیاودا سەرجەمی توێژینەوەکان وەک کۆتوێژینەوەکانی کۆنفراس چاپ دەکرێن، بۆ ڕۆژی کۆنفرانس بەردەست دەبێت.

**کاتبەندیی کۆنفڕانس:**

- دەستپێکی ڕاگەیاندن و بانگهێشتی کۆنفرانس: **٢٠٢٦/٤/٢٠**
- دواین مۆڵەتی ناردنی پوختەی توێژینەوە: **٢٠٢٦/٥/١٥**
- وڵامدانەوە پەسەندکردنی پوختە: **٢٠٢٦/٥/٢٥**
- دواین وادەی ناردنی توێژینەوە: **٢٠٢٦/٨/٢٥**
- پەسەندکردنی توێژینەوە: **٢٠٢٦/٩/١٥**
- کاتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانس: **٢٠-٢١ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٦**

**تێبینی: لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵەوە دەتوانن پوختەی توێژینەوەکان و توێژینەوەکانتان بۆ کۆنفڕانس بنێرن:** rawanduz.conf@soran.edu.iq

**تێبینی: جگە لە تێچووی هاتووچۆ، میوانی و مانەوە لەسەر کۆنفرانسە.**

**لێژنەی زانستی**

| ز | ناو | شوێن | لێژنە | ژمارەی مۆبایل |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ. د. هەڵمەت بایز رسول | زانکۆی سۆران | سەرۆکی لێژنە | ٠٧٥٠٤٩١٢٦٧٨ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | پ. د. ئامانج احمد حمدامين | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥١٨٦٦٨١٧١ |
| ٣ | پ.د. میدیا ابراهيم فتاح | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥٠٤٤٩٩٣٣٠ |
| ٤ | پ. د. یادگار رسول حمدامين | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥٠٤٤٨٥٢٤٤ |
| ٥ | پ. ی د. دڵشاد عزيز مارف زاموا | زانکۆی سلێمانی | ئەندام | ٠٧٥٠١١١١٣٤٠ |
| ٦ | پ. ی. د. موسی محمد خدر | زانکۆی سەلاحەدین | ئەندام | ٠٧٥٠٤٤٥٨٤٨٦ |
| ٧ | پ. ی. د. هاوژين رشادالدين احمد | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥٠٤٧٠٧٤١٦ |
| ٨ | پ. ی. د. دلێر صادق كانبی | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥٠٤٦٢٧١٣٤ |
| ٩ | پ. ی. د. محمد احمد ابراهيم | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥٠٤٧١٩٤٣٢ |
| ١٠ | پ. ی. د. فاخر عالی عبابكر | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥٠٤٤٦٨٤٨١ |
| ١١ | د. عبدالوهاب سلێمان حسن | بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سۆران | ئەندام | ٠٧٥١٨٤٣٢٥١١ |

## لیژنەی ئامادەکاریی

| ز | ناو | شوێن | | ژمارەی مۆبایل |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د. كارمند عبدالله حمد | زانکۆی سۆران | سەرۆکی لیژنە | ٠٧٥٠٤٦٦٦٩٨٧ |
| ٢ | پ. د. عمر حسن حسين | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥٠٤٦٠٠٢٣٦ |
| ٣ | د. ڕێباز دلاوەر عمر | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥٠٤٤٩٠٨٩٠ |
| ٤ | د. هێرش يوسف حمدامين | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥٠٤٦٨٢٢٣٩ |
| ٥ | د. هێمن عزيز مصطفى | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥٠٤١٨١١٩٠ |
| ٦ | د. شەهلا سالح عەولا | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥٠٤٤٣٠٥٠ |
| ٧ | م. دانەر عبدالله ابراهيم | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥٠٤٢٥١٧٨٧ |
| ٨ | م. دادیار ئازاد معروف | پەروەردە | ئەندام | ٠٧٥٠٤٥٢٥٠١٨ |
| ٩ | م. زێبار عزيز محمد | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥٠٤٣٨٠٨٢٧ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | م. سعيد اسعد على | پەروەردە | ئەندام | ٠٧٨٢٤٨٠٤٩٩٠ |
| ١١ | بەختيار صباح | دەزگای زاری کرمانجی | ئەندام | ٠٧٥٠٤٥٢٥٤٨٣ |
| ١٢ | اسماعيل ابراهيم | دەزگای زاری کرمانجی | ئەندام | ٠٧٥٠٤٦٠٩٧٨٧ |
| ١٣ | عيسا محمد خدر | و/شارەوانی و گەشتوگوزار | ئەندام | ٠٧٥٠٤٤٩٩٥٥٨ |
| ١٤ | زهرا صمد ملاعبد | زانکۆی سۆران | ئەندام | ٠٧٥١٢٣٤٢٨٣٧ |
| ١٥ | م. ڕێبوار عەبدوڵا | پەروەردە | ئەندام | ٠٧٥٠٤٠٣٩٦٦١ |